# ئاگاداری نامه و پەیمانەکانتان بن بۆ جورج بوش و ئەمەریکا



نیگار نادر
18/05/2006
لەندەن

یاسا و ڕێسا و نەریتە سیاسیەکان لەوەپتر هەڵدەگرن کە مرۆ بەهەرەمەکی بەناویان بکەوێ و بە پێی تەبیات و خوێندنەوەی خۆی ڕاڤەیان بکاو لەسەریان بدوێ.
هەرنەتەوە و دەوڵەتێکیش بەپێی پێگەو ئەزموونی خۆی پراکتیکیان دەکا و، بەپێی مێژوو شارستانیەتی خۆی هەنگاویان بۆ هەڵدێنێ و پیادەیان دەکا و بەهەندیان دەگرێ.
مرۆدەبێ ئەوەندە دەست و زمان و هەنگاو هەڵێنێ کە دەسەلاتی بەسەرخۆدا دەشکێ، لەهەر پرسێکدا بەئاگا بێ لەوەی لەخۆڕا خۆی بە بەرپرس و خودان هەموو ڕووداو و پرس و تاکێک بزانێ.

دابەشکردنی پۆست و کورسی یەکە لەگەمە هەرە ناسراو و پڕنهێنییەکانی سیاسەت، لەزۆربەی وڵاتانی دونیادا لەپاش ئاشکراکردنی ناوی کاندید و پۆستەکان زۆرکەس توشی شۆک دەبن و دەحەپەسێن، ڕوونتر بڵێم یەک هەرە عورفە دیارەکانی سیاسەت دابەش کردنی کورسی و پۆستە هەستیارو گرنگەکانە بەسەر ئەندام وهەوادارانی حیزبی خودان زۆرینە و براوەیە لە هەڵبژاردندا، زۆر بەدەگمەن نەبێ ڕێژە و هاوکێشەو ئۆپۆزسیۆنەکان جێی دەست و گاریگەریان نابێ بەسەر دابەشکردنەکاندا،

مەگەر لەو وڵاتانەبێ کە لە ترۆپکی شارستانیەت و دیموکراسی دان.

زۆربەی هەرەزۆری سیاسەتوان و ڕۆشەنبیرانی بەهەڵوێست ئاگاداری سیاسەتە تەومژاوی و فرە ڕووەکی ئەمەریکان لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و کوردوستان دا بەتایبەت لەسەرکێشەی کەرکوک و مادەی پەنجاو هەشت و هەڵکردنی ئاڵای کوردوستانن لە کەرکوک و سیاسەتە بریقەدار و هەڵبەستراوەکەی مافی ئافرەت و چەسپاندنی ڕێژەی لە سەدا بیست و پێنج گەلەک وردەکاری تریش هەن.

ئەڤەی ڕوونتر دەبتە جێی تێڕامان هەژەندێ ئەڤ نامەیەی بەڕێز خاتوو مەهاباد قەرەداغی ڕاوێژکاری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردوستان بۆ کاروباری یەکسانییە کە بۆسەرۆکی ئەمەریکا جورج بوشی نووسیوە بەناوی هەموو ژنانی کوردوستان کە لە هەفتەنامەی ***هەولێرپۆست*** دا هاتیتە وەشان.

پەرەگرافی یەکەمی نامەکە بەو ڕستەیە دەست پێدەکا بەڕێز سەرۆک؛ لەژنانی کوردوستانەوە سڵاوێکی گەرمتان ئاراستە دەکەم، ئێمە وەک ژنانی کوردوستانی عێراق ستایشی ڕۆلی جەنابتان دەکەین بۆسەپاندنی سیستەمی چارەکی...
ناردنی سڵاو بۆسەرۆکی ئەمەریکا دەبێ لە تێڕوانین وەیدی هەندەک ژن و بگرە پیاویشەوە گرنگ بێ و جێی دڵخۆشی و بایەخ بێت، لێ بە بڕوای من هەموو ژنەکی کورد ئەڤ هیوا و مەیل و تێڕوانینەی نییە سڵاو لەبۆ سەرۆکی ئەمەریکا بنێرێ. دەکرا نووسرابا: بەناوی خۆم سڵاوی گەرمتان ئاراستە دەکەم، لەپاشان ئێمە وەک ژنانی کوردوستانی عێراق ستایشی ڕۆڵی جەنابتان دەکەیین بۆ سەپاندنی سیستەمی چارەکی بیست و پێنج لەسەدا،
بەڕای من هەموو ژنانی کوردوستان هاوڕانین لەسەر ستایشی ئەمەریکا و هانا بردن بۆ ئەمەریکا چونکە بایی ئەوە ژنی کورد هوشیاربونەتەوە و پێگەییوون کەبزانن هەر ئەمەریکایە خودان ئەڤ سیاسەتەی کە ڕۆژانە چەندین کیژی کورد لەبنارەکانی چیایی قەندیلی شەهید دەبن و ئەڤ سیاسەتە نەک بەئافرەت هەر بەمرۆڤیش ئاماژیان پێناکا و هەر ئەڤ سیاسەتەیە بە خۆ و بەمێدیا قۆرخ کردوەکانی ناهێڵی کەسێک لە دونیادا

بەرامبەر لەشکرکێشیەکانی تورکیا و ئێران بچرپێنێ، جا دێت لەخەمی ژنی کورد و ڕێژە و پێشکەوتنیان دادەبێ.
پەیڤین و پەیام دان بەناوی زۆرینەی خەلک و گروپ و میلەت و زۆرینەوە کاریکی ئەوها سادە نییە و دەهێندی ئەوە هەڵدەگرێ کە لەو وتارەدا ئاماژەی پێبکەم.
لەبەرهەندێ نووسین و پەیڤین بەناوی گشتیەوە دەبتە پێشلکاریەک لە ئەخلاقیاتی دیموکراسی کە بەڕووی کۆمەڵگە پاشکەوتوو بندەستەکانەوە دیارە کە تاکە لێپرسراوێک بەناوی هەموان و لەبری ڕا و بۆچوونی هەموان پێشنیاران دەکا و بابەتگەلێک رەدەکاتەوە.

نووسین و شێوازی نامە رەسمیەکان کۆمەلێک ڕێسای تایبەت بەخۆی هەیە لە وڵاتانی پێشکەوتوودا بەتایبەت نامە بۆ کەسانی دەسەلاتدار و ئۆفیسەکانیان، لەبۆیە ناو هێنانی سەرۆک بەو شێوازە راستەوخۆیە دەشێ لەسەر زمانی هەندەک کەس بەئاسانی گۆبکرێ و بە قەڵەمەکانیان ئاسان بنووسرێ گەلەک بەزمانێکی سادە و بە وشەی سادە داواکاری ئاراستەبکا وەکوو: جەنابی سەرۆک ئێمە هانت دەدەین پشگیری زیاتری ژنان بکەیت لەم وڵاتە وێرانەدا...

هەروەها لەپەرەگرافی چوارەمدانامەکەی خاتوو مەهاباد دا نووسراوە جەنابی سەرۆک ئێمە وەک ژنانی کوردوستان و عێراق دەنگی نارەزایی خۆمان بەرزدەکەینەوە لەسەر پشتگوێ خستنی ژنان لەپێکهاتەی ئێستای دووحکومەتدا داوای یەکسەر دەستێوەران دەکەین بۆچارەیەکی گونجاو شیاوی پیادەکردن بۆ ئەم کێشەیە، دەمانەوێ ئەمەریکا لەنزیکەوە مافەکانی ژنان ڕەچاوبکات، بۆیە هانی ئەمەریکا دەدەین بێتەپێش بۆ فریاکەوتنمان...

پەیڤین و پەیام ناردن بەناوی هەموو ژنانی کوردوستان و عێراق پەیڤینێکە زۆر جێگای تێرامان و سەرسورمانێ چونکە هەمیشە ئەڤ سەرکردە ڕوحیانە و یا ئەڤ سەرکردە جەماوەریانە یا ئەو نوینەرانەی بەدەنگی زۆرینەی گەل پۆستیان وەرگرتووە ئەڤ پەیامە گشتیانە و بەناوی زۆرینەی جەماوەرەوە دەنووسن و بڵاودەکەنەوە،

ئەویش دەگەڕێتەوە لەبۆ ئەو متمانەیەی خەڵکی سیڤیل پێی داون و بۆ ئەوەی لەبری ئەوان و پرسە کانیان بپەیڤێ.

هەوەرها مەسەلەی دەستێوەردان یەکە لە هەرە پێشێلکارییە یاسایەکان لەیاسا ناوخۆو نێودەولەتیەکاندا. ڕاستە دەست لە کاروباری زۆر لە دەولەت و نەتەوەکان وەردەدرێ، بەجۆرەها بیانوو نەک بەو شێوە دەربڕینە ڕاستەوخۆیە داوای دەست تێکشکانی سەروەری حکومەت، کە تێوەردان بکرێ، هەموو دەست تێوەردانێک دەبتە ئەویش مافی هەموو کەسایەتیەک نیە.
مرۆ لەهەر جێگا و لێپرسراویەتێکدا بێ دەبێ هەمیشە لەوەبەئاگا بێ کە بەناوی هیچ کەس و گروپێکەوە قسان نەکا چونکە مەسعود محەمەد وتەنی مرۆ چەند لەدەسەڵات و پۆستی بەرزدابێ لێ خەڵک لەبنەوەڕا لێی دەڕوانن و هەموو ئەوانە دەبینن کە لەسەری ڕاوستاوەو پێیدا وەسەر کەوتووە.

نەتەوە بندەستەکان دیموکراسی وەکی دروشمێک وەردەگرن و هەرکەس بەپێی بۆچوون و تیگەیشتنی خۆی مامەلەیی پێدەکا و خۆی پێشارەزایە لێی، نەخافڵن لەوەی کە دیموکراسی لەناوەرۆکیدا کۆمەڵە ئەخلاقیاتێکە لەناو روح وزمان و جەستەی هەرتاکێکەوە.
لەبەرهەندێ دەست هەڵێنان و زمان هەڵێنان و هەنگاو هەڵێنان لە جێی خۆ هێندەی سنووری خۆ یەکە لە بەرچاوترین و سەرەکیترین ئەخلاقیاتی دیموکراسی لەناو گەلە پێشکەوتوەکانی دونیادا و هێندەخودان ئەزموونن لەئەخلاقیاتی دیموکراسی کە مرۆ پەیڤی دەزانن چەند دیموکراسییە و چۆن دیموکراسی گەیشتووە و کەس بەمافی خۆی نازانی کە لەبری نزیکترین کەسی بدوێ.

لەبۆیە ئەزیش وەک ژنەکی کورد ناتوانم ئەوە پەسەند بکەم کە هیچ کەس و بەناوی من و لەبری من بریار بدا چونکە من نەهیچ داواکارییەک لە جورج بوش دەکەم و نەستایشی دەکەم، لەبەر هەندێ دەبێ کەسانی خودان پۆست و شوینگە لەحوکومەتدا پتر وریابن و حیساباتی ورد بۆ نامەو پەیامەکانتان بکەن، بەتایبەت ئەوانەی بۆ

خەڵکانی  دەرەوەی دەنێرن، چونکە هەموو نامە و لیدوانێک بەناوی زۆرینەی جەماوەرەوە دەچتە خانەی داوکاری حکومەت و بەهەند وەردەگیرێ و دەبنە دیکۆمینت لە خۆرئاوا، بە مێژوو بۆ نەتەوەی کورد دەنووسرێتەوە. ئەوان حیساب بۆ وشە و دەستەواژە و ڕستەش دەکەن و ڕاڤەیی دەکەن و بە یەک لەئەخلاقیاتی دیموکراسی وپیناسە دەکەن و هزری نەتەوەی ئەو نەتەوەیە لەسەر ڕۆ دەنێن.

5
5